بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە کەلەپوورەوە وەرگیراوە ، دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٩٥٤ . .

# نێچیرەوان

غفور صالح عبدالله

-١-

ناوم – دۆڵە درێژەیە ، . وەکو هەموو گوندەکانی ئەم دنیایە ، گوزەرانم تێدا ئاسایی بوو . تیلەی چاوانم تاوەکو سنووری کۆتایی شاخەکان بڕیان دەکرد . . ، خانوەکەی – زلێخا – بیوەژن کەوتۆتە پاینمەوە . هەر لە جۆشی جوانی بێوەژن کەوت . ئەو سەردەمەی هێشتا کە – گەنج محەمەد – قنۆرکە بوو ، زۆربەی ئاوایی چاویان لەو تەنیا ماڵە جەربەزەیە دەکرد ، هەرکە سێك کارێکی نەزانیبایە ، پییان دەووت چاوبکە لە ماڵ – زلێخا – ، بزانە چۆنی دەکەن ، وەکو ئەوان دەست ڕەنگین بە . . چەندان کوڕە قۆزی ئاوایی بە جوانی –زلێخا– کەللەیی ببوون . بە ڕۆژو شەو لەبەر دەرگاو ژێر پەنجەرەکەیدا ، دەکەوتنە مزە مزی گۆرانیەوە . بەعەزرەتەوە بوون بیکەنە هاوسەری خۆیان و بەبرژانگی چاو گەنج محەمەد بەخێوبکەن . کەچی – زلێخا – ش بەهیچ کەسێك لووتی دانەدەهات . دەرگای لە کەس نەدەکردەوە . زۆرجار ووتبووی ئەگەر بێ پیاوی بێت : ئەوا محەمەد نێرینەی ماڵەو پیاویەتی . ئەگەریش گوزەران بێت : هێشتا لە هەرەتی گورج و گۆڵیەو چاپوکەو ژێر دەستەی کەس نابێ . مەڵۆنیری و کرێ گرتەیی ڕەزو باخەکان ، تاوەکو – محەمەد – لەخەم دەرەخسێ . .

وەکو هەموو گوندێکی تر نەمدەزانی زەوی پانو پۆڕو بەرینە . جگە ئەو ڕۆژە نەبێت بڕە زەلامێکی غەریب هاتن لە خەڵکی سۆراخی گەنج محەمەدیان دەکرد . . ئاگای ئەوەشم نەبوو لەو دیوی ئەو سنوورانەوە ، جیهانێکی پڕ ئاژاوەو گێچەڵ هەڵتۆقیوە .

هەر لە سەرەتای پەیابوونی زەویەوە ، عەشاماتێکی دوابڕاوی لەبەرە . بەهەموو ناچاریەکی ژیانەوە گوزەران دەکەن . بەشەو و ڕۆژ زاوزێ دەکەن . دەتەرەکێن . . هەرکە گەورەبوون و دەستیان داری گرت ، دەبنە دڕندە و یەکتری قەلاچۆ دەکەن .

بە خوێنی یەکتر تینوون . . هەر ئەوەنەی شوێن بەرەیەك زەوی تەختایم هەیە ، ئەویش خانوە قوڕەکانی لەسەر بنیاتنراوە . دەنا ئیتر بڕە چیایەکی سەرکەش و بەرزو نزمو سەر بەتەمو مژاوی ، چەشنی دەسرازەی لانکەی منالێ ، بۆ پەروەردەکردنی چوستو چالاکیی دانیشتوانم ، جەستەمیان جەرەبابەداوە . .

ترۆپکەکانیان بەشەرمەوە گۆنای تەمو مژاوی هەورەکان ماچ دەکەن . . یاخود هەر دەلێ ی چاوەڕێ ی حەسانەوەی شەکەتی و بێ ئۆقرەیی ئەم گەردوونە زۆڵە دەکەن . بۆیە هەمیشە وەکو بەرانەکێوی بە لەخۆبایی وفیزەوە سنگیان دەرپەڕاندوە . گەردنیان قیت کردۆتەوە بۆ چاودێری کردنی نەیارە زۆرەکانی منو خەڵکەکە . یان هەر لەبڕە منالێکی لاسار دەچن . دەستی یەکتریان گرتبێ و دەورەیان لە ماڵ ماڵێنی یاری کردنەکەی

خۆیان داوه .
خانوەکانیش هەروەکو بڵێی بەگوێرەی ئارەزووی خەڵکەکەی دروست کراوه . بەدەگمەن یەك دوو خانوو بەتەنیشت یەکەوه قووت بوونەتەوه . ئەگینا خانوویەك لێرەو یەکێکی تر لەوێ . یەکێك لە نشێو ، ئەوی تر لە لاپاڵ و نسارێك . خەڵکێکی هەندێ هەڵپەرست و چەقاوەسۆیان داڵدە داوه . کۆمەڵە درەختی چنار و زەیتون و بەڕو و قامیشەڵان بوونەتە تەیمانی هەندێ لە خانووەکان . لەوە دەچێ خۆیان لە ترس و دەردو بەڵای سروشت شاردبێتەوه . بۆیه وەها خۆیان مات داوه . . یان حەیارەیەکی گەورە لە ناوەراستی گوندەکه ، بۆتە شوێن حەسانەوەی مریشك و قەلەموون و قازو مراوی . لە هەموو وەرزیك دا روەك و شینایی وەختانەی لێ دەچێنن . وەکو تەماتە ، پەموو ، تووتن ، پیاز . . چەند داربەروویەك لێرەو لەوێ ، بەسەرکزی و تەنیایەوه بەهاوینان دەبنە سێبەرگاو ساباتی هەندێ لە پیاوە پیرو پەککەوتەکان و سەگە خوێڕیەکان . . ئەوەی سەگە درو سوار لە زین هێنەرەوە خوارەکانیشە ، دەکەونە تەك وەرزێرەکان و شوانە فیتۆزە کێویەکان .
بە زستانانیش وەکو هەموو درەختە ئاوەدانیەکان دەبنە وێستگەی حەسانەوەی پەلەوەری هەمەچیزه . شەوان جریوەو زیقە خەمناکەکانیان دەبێتە سەمفۆنیایەکی دڵتەزین و خەمباریی هەمیشەیی مرۆڤ . ئاوازێکی سۆزناك دەکەنە هەوێنی سەرنانەوەی خەڵکی کۆس کەوتووم . .
ئەوەی پیرەژنە مەتەڵبێژو چەقاوەسۆکانیشە ، لەبەر رۆشنایی مانگەشەوی هاوین و گڕی سووری ئاگردانی زستانان ، بەدەم ویلی چرچ و لۆچەوه ، دەکەونە چەقە چەق ، و باس و خواسی بێ فەرەوه . یاخود سەرگورشتەم بۆ منالان دەگێڕنەوه . هەر پیرەژنێك بەدەم هەڵکڕاندنی تیتکە دژوێن و رشکنەکەیەوه ، بەپێی ئەو قسە دەماودەمە وبڵ و ناوێلانەی بیستوویەتی ، لە چەند وەچەیەکی بەر لەخۆی . یان بەپێی زانیاری مێژووی تەمەنی خۆی ، سەرەتای دروست بوونم دەگەڕێنێتەوه بۆ سەردەم و عەیامێك . . هەندێکیان بە ئارەزووی خۆی و بۆئەوەی خۆی بە دنیادیدە بزانێ ، چەند سالێك دەخاتە سەر تەمەنی پڕ کوێرەوەریم . هەندێکی تریان لە بێبڕوایی قسەکانیان ژمارەی سالەکان کەم دەکەنەوه . زۆرجاریش یەکتری بەدرۆ دەخەنەوه ، دەبێتە مشت و مڕیان ، تاوای لێ دێت هامبازی یەکتر دەبن ، قژی یەکتری دەسکەنە دەکەن ، دەیکەنە دەسپێچکی دەستە توێکڵە داربەرووەکانیان . .
پیرەژنێکی چەنەباز دەڵێ : رۆڵەکانم ئەم گوندەی ئێمە خۆشەویستی خودایه . بۆیە ئەوەندە دەردی سەری و کوێرەوەری داوەتە کۆڵیەوه . خوداش دەردت و مەینەت دەداتە سەر خۆشەویستی خۆیەوه . ئەی تەماشا ناکەن حاڵمان چەن شڕه ، هەر بەشمان خەم و خەفەت و رەشپۆشیە ؟ ! . . ئەنجا دەستی بەرەو ئاستێك درێژ دەکات :- ئەوەتا بنوارە لە بن ئەو کەلوەزو تەقتەقە تاوێرو گابەردانەوه ، ئاوی سازگار و چاو قرژاڵ فیچقە دەکات . ئاوەکەشی ئافرەت شۆخ و شەنگ دەکاو زۆر نەخۆشی بنبردەکات . .
ئەی - دۆڵە کەپنەکان - بۆ ناڵێی ؟ ! هەتا بینایی چاوان بڕکات هەر کەسك دەچێتەوه . تەیرو تووری دنیای لەخۆی وورووکاندوه . سالەهای سالێ لەیەك دەپەڕن و هێلکە دەکەن و زاوزێ دەکەن . .
پیرەژنێکی چاو بەئاشقاڵی تریان ، چاوی بە کل رەشتوه ، جارناجارێك زل و بلیان دەکاتەوه و دەڵێ :- خودا یەکەم نێرینەی لەم خاك و خۆڵەوه خوڵقاندوه . ئافرەتی لە پەراسووی ئەو دەرهێناوه . بۆ نموونە ئەوەتا گردەکەی - باوە ئادەم - هەر بە ناوی خۆیەوه ماوەتەوه . ئێستاکەش لاپاڵ و ترۆپکەکانی سەرومڕ بۆتە چرە دارستان وبێشەڵانی داربەروو . .
پیرەژنێکی تریشیان دەداتە پاڵ قسەکەی ئەویتر و دەڵێ :-
هەرکە رووی ئەم زەویە بە ناپاکی و خراپە لەوتا ، خودا فەرمانی دا بەئاو و زریان ، بۆئەوەی لافاو وگەرداو هەڵسێ .

. هەرچی بەدەرەفتاریی و خراپەکاری هەیە رامالّی کات . «نوح»
پێغەمبەریش لەداربەڕووی ئەو چیا سەرکەشانە کەشتییەکەی
دروستکرد .

هەرکە لافاو تۆفیش زەمینی پێچایەوە ،کەشتییەکەی لەسەر
ترۆپکی – کێوە بەرزە – لەنگەری گرت . .

رۆلّەکانم ، هەر لە دێرزەمانەوە ئەم گوندەی ئێمە
هەبووە . .

-٢-

**دەنگێ لە گۆڕەوە :**

ئاخ ، پێی ئەوتم : وەسمانە نێچیرەوان ، هەتا من لەم
رەوەزانە هەبم پیاوێ بە پەنجەت تێوەدات . بەزەردخەنەیەکی
جوامێرانەوە دەستێکی دایە سەرشانمەوە . . . پیاوی مەردو
ئازاش هەمیشە پەنای هەموو مرۆڤێکە ، هەموو دەم دەروون
پاکو شیر حەلالّە . . . نا . . نا . . خۆم لەم هەزار بەهەزارە
فرێ دەدەمە خوارەوە . ئەگینا دەستگیرم دەکەن . . ئەوەتا
کەتەکەیان لێم نزیك بۆوە . دەی با ئەویش لە لەوەڕ بخەم . . ئا
ئەوەتا تاکە فیشەکێکم پێ ماوە . هەرکە نزیك بوونەوە دەینێمە
خۆمەوە . . نامەوێ بە نامەردیی لە ناوم بەرن ، بەدەستیان
کەوم زیوالّ زیوالّم دەکەن . باشتر دێنە پێشەوە . ئەم نەحلەتیانە
دیارە ناوی وەسمانە نێچیرەوانیان نەبیستوە . . پشتم هەزار بە
هەزارە ، مێرولە لە پیاهەلّگژێ ملی دەشکێ . . هەر دەسەرێژ
دەکەن . . ! ! . ئەوانی تر خۆیان ماتدا . . یەکێکیان بەدەم
نالّەوە تلۆر بۆوە . دەی ئاوها . دەی بامنیش دەستیان لێ
نەپارێزم . ئەوەتا بەرەو ترۆپکەی چیا راستەو راست دەسەرێژ
دەکەن . . لێم روونە منیان فەرق کردوە . با خۆم بۆیان لە بۆسە
بدەم . باپێیان بلّێم وەسمانە نێچیرەوانم ، . ئەوەتا هەر
نزیك دەبنەوە . دیارە ئەمانە ناماسن ، خۆ بەجلو بەرگەکانیان
هەر ئەوانن . با تێیان خورم ، لە شوێنی خۆیان رایانگرم .
ئەوان هێشتاکە لە لاپالّەکەن . بەلاّم جێگاکەی من ترۆپکە .
نزیکەی چەند صەد شەقاوێکیان ماوە .

ئەوەتا زیاتر نزیك دەبنەوە . ئەم هاتنەی ئەمانە بێ مەلاّمەت
نییە . ئەمان هەم لە نالّ دەدەن و هەم لە بزمار . . بەلاّم کار لە
کار ترازا . . ئاخ ، بەلاّم نەمزانی ئەو جوامێرەیە . . ووتیان ئەو
چەتەیە ، پیاوکوژە . زولّمو زۆر دەکات . بەلاّم تەماحێکی
زۆریشیان خستە بەردەمم . بیستبوویان نێچیرەوانم و دەست
ونیشانم موو سەر ناکات . . هاتم بۆ ئەم دیو ، زۆربەی کەس و
کارمیان قەلاّچۆکردبوو . منیش لەو دیو راونرابووم . تۆلّەی خۆم
لە جوانمێریی گەنج محەمەد کردەوە . .

ئازایەتی یەك رێگای هەیە ، بەلاّم نامەردیی هەزارو یەك
رێگای هەیە . . خۆم وەها دەرخست منیش یاساغم ، پیاوم
کوشتوە ، لەبن تەتەکی زەوی بۆم دەگەڕێن . . گەنج محەمەد ،
دەستم دامێنت ؛ پەنام بۆ تۆ هێناوە . .

هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتیم پێ شێل کرد ، ئەگەر وەهانەبێ
چۆن دەتوانی دۆستێکی ئازیز ، یان دراوسێیەکی خۆت لە لەوەڕ
خەیت . . ! ! . . ئێوە لە سالّی هەزارو نۆصەد و سی‌و
پێنجەوە وان بەدوویەوە . چیتان لێ هەلّکران . ؟ . . بەلێشاو
دەهاتن ، ئەنجامیش تاکو تەراتان لێ دەگەڕایەوە . . کردمە
داوەوە بە راستیی کەوی راوی بووم . . ئەی نەتانووت کەو بە
کەو دەگیرێ بۆئەوەی جەرگی ئاودەم . ؟ . ئەی ئێوە خۆتان
منتان هەلّنەخراند . . ؟ ئێ بۆچی ئێتر وەها دەکەن . ؟ .
بەچاکی منیان لێوە دیارە ، نەخێر ئەوەتا هەر نزیك دەبنەوە . .
من ئەو چەتە ئازایە نیم کە چەند هەزارێکی لە ئێوە لە
لەوەرخست ، نەتانتوانی گونشی بگرن . . . . با دەستیان بۆ
بەرزکەمەوە ، تێیان گەیەنم کە من سەر بە ئەوانم ، ئەوەتا هەر
بەرەو رووم دێن . . برۆن ئێستاکە لاشەی وا لە ئەشکەوتەکە لە
خوێنیدا گەوزاوە . . ئەی چۆن کەو بە کەو دەگیرێ ، لە
لەوەرم خست . . ئەم بەیانییە سلم سارد کردەوە . .
ها . .ها . . ها . . گەنج محەمەد ئێوە خۆش . ها . . ها . .
ها . . ها . وەها دەزانن من ئەوم ، ها . . ها . . دیارە لێیان

تێکچوە . هەمووشیان دەستیان لەسەر تفەنگە . بەرەو من دێن . . ئا . . ئا . . خەریکە لێم نزیك دەبنەوە . . ها . . ها . . ها . . ئەوەتا ، هیچم پێ نەماوە . . ها . . ها . . ها . . دەی خۆت هەڵدە لەم هەزار بە هەزارە . . ها . ها . . دەی . . .

-٣-

دانیشتوانم بە ڕۆژان کاری خۆیان بە خامۆشیی و بێدەنگیی کوشندەوە رادەپەڕێنن . هەرکە شەویش داهات ، زوو لەبەر دەروون ئەشکەنجەدراویی وماندوویی ، لە تەڕ جاجمو فەرەنجیە کۆن ، سەرکڵاو خۆیان گرمۆڵە دەکەن . جاری وەهاش هەیە لە ژێر نوێنەکانەوە چاوە زیتەیانە . ئەوەی هەرزەکارەکانە . بە کیژۆڵەی ناسك و ئافرەتی گۆشتن و خڕینەوە داڵغە لێدەدەن ، **خۆیان پیس دەکەن** ئەوەی پیاوە ژندارەکانیشە بەدزی مناڵەکانیانەوە ، ئەرکی مێردایەتی خۆیان جێبەجێ دەکەن . . هەرکە ڕۆژیش بۆوە ، خۆیان لە ئاوی ساردو سڕی کانیاوەکان هەڵدەشەپێنن . .

ئەوەتا بوو بە مانگێك ج سۆراخێکی نەماوە ، تەنانەت خەڵکی ئاواییش هیچ دەنگ و باسێکی نازانن . تەنها ئەوە نەبێ **-ئاهو- مانگێکە لە زیندان بەدووگیانیەوە** دەتلێتەوە . . هەموو جارێ - زلێخا - ختوورە بەدڵی دا بهاتبایە ، یەکسەر دەچوە لاپاڵی کێوە بەرزە ، چاوەڕوانی گەنج محەمەد دەبوو . زۆرجار رێدەکەوت لە دوورەوە بەهەستی دایکایەتی بەدی دەکرد . بەشەلە شەل بەرەو پیریی دەرۆیشت . . ئەوەتا ئێستا کە بەهەناسەساردیەوە ، دەستی کردۆتە ساباتی دیدەکزەکانی ، دەروانێتە ڕێگاو بانەکان . .

ئەو سەردەمەی هێشتا گەنج محەمەد نەهاتبوو دنیاوە . لە ژێر ئاسمانی من دا چاوی هەڵنەهێنابوو . بەئاوی سازگاری بن کەڵوزە و تەقتەقە تاوێران مەلۆتکە نەکرابوو . دەمەوبەهار بوو ڕۆژێکیان لەگەڵ باوکی گەنج محەمەد بۆ کنگر و هازکردن ، لە ئاوایی دەرچوون . تاوەکو ئێوارە دوکلیوێکی مزرو بەتام بخۆن . هەردوو بەجووتە سەرو کۆڵ کنگرو هازیان کردبوو . کۆڵەکانیان هەندێ گران بوو ، تاوەکو بەشی خەڵکی ئاواییشی لێبدەن . بەتایبەتی ئەو پیرو پەککەوتانەی توانایان نەبوو هەردە و کێوان بدەنە بەر بۆ ئەو مەبەستە . . هەرکە دەمەوعەسر گەڕانەوە ، بەسەر کێوە بەرزەوە بەرەو گوند شۆڕبوونەوە . بەردێك لە ژێر پێی دایە زلێخا خزا ، و بۆ ناو دۆڵەکە خل بۆوە . پێی ڕاستی بوە هەلوك . تاوەکو گەنج محەمەدیش کەوتە منالدانی ، هێشتا لە لق زەوی کەوتبوو . پاش پێنج مانگ سەرلەنوێ پێی گرت . .

هەرچەنێ ئەو ڕۆژانە سەخت و پڕ کوێرەوەری بوون . بەڵام هەرگیز لەیاد ناکرێن . تام و چێژی بەختیاریی خۆیان هەبوو . . بۆئەوەی چەند هەنگاوێکی تر سەرکەوێ . تاوەکو بینایی دوورتر هەڵڕوانێ . پێی ڕاستی ئیتر لەوە زیاتر ڕێگاناگرێ . ڕێگای گرتبوە بەر ، گەیشتبوە ناوقەدی چیاکە . بەرەو ترۆپکی کێوە بەرزە ، هەر لە دەمەو بەیانیەکی زووەوە بەنکەنك و ئەژنۆشلیەوە ، ئەو کێوو تەلانانە دەداتەبەر . . گەنج محەمەد ، بەبێوەژن کۆشی لە خەم ڕەخسا . ڕابوردویەکی پڕ کوێرەوەری گوزەراندوە . بەخۆشیساڵی لە دایك بوونی بە تەواوەتی نازانێ . چونکە مەسەلەی تەمەن لەمەڕ گوندیەکان ئەوەندە گرنگ نیە . چونکە تەمەنی گوندی بە گوێرەی بەسەرهات ژمارە دەکرێ ، چەند کارەسات و نەبوونی بینیوە ، یان چەند جار لە چیا بەربۆتەوە ، هەموو ئەنامی جەستەی کوتراوە . یان چەند گرانی و کوللەزەرد و لافاوو قات و قڕی و شەڕو گۆبەنی تووش هاتوە . .

دەڵێن گوایە لە ساڵی گرانیەکە لە دایك بوە . سەرەڕای ئەو بەڵا گەورەیەش ، شەوی لە دایك بوونی بەفرو بەستەڵەك بەر دەرگای تەنی بوو . . مامان بەفریای دایکی نەکەوتوە . ئەوەبوو باوکی ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆیان دەڵێن ساڵی کوللەزەردەکە لە دایك بوە . ئەو ساڵەی ئەو زینەوەرە وردو نەحلەتیە تەڕایی بەپێوە نەهێشتوە ، خەڵکی ئەم دەوروبەرەی خستۆتە سەر ساجی عەلی . لە برسان داڵاش و دڕندەی برسیش کەلاکی

چەندان گوندی هەشبە سەری کراندۆتەوە . .

هەندێکی تر دەڵێن ئەو رۆژەی قوشەن و ئەرتەشی عوسمانیەکان دای بەسەر گوندەکەدا و تالانیان کرد ، تەنانەت ئەو ساڵە منالی بەرمەمکەشیان سەردەبڕی . ئەو ساڵە لەپێشکەدا بوو . ئەو و چەند منالێکی تر لەو دڕندەییە دەرباز دەبن . . پیرەژنێك دەڵێ :- لە رۆژی هەراکەی بەر دەرکی سەرا لە سکی زلێخا ، چوار مانگان بوو . . پیرەژنێکی تریانیش ئەمە دەڵێ :- نەء . . ئەو ساڵەی سوارەکانی هەمەوەن کە - قالەی دۆڵ پەموو - سەرلەشکریان بوو ، خۆیان کرد بەگوندەکەدا ، ژمارەیان دوو سەد سوار دەبوو . هەرچیەکیان بەرچنگ کەوتبایە دەیانپێچایەوە . گوندیان خستە بەردەمی رەشەباو گسکیان لێدا . . زلێخا - محەمەدی لە پریاسکەیەك لوولدابوو ، یەکێ لە سوارەکان وەها دەزانێ پریاسکەی خۆراك و رزقە . هەرکە پەلەماری پریاسکەکە دەدات ، زاقو زیق منالێك بەرزدەبێتەوە . ئەویش هەر ئەوەنەی پێدەکرێ پریاسکەکە بە تووڕەییەوە تووڕدەداتە سەر زەویەکە ، تفێکی نەحلەتی لێدەکات . .

پیرەژنێکی تر بەگەمژەییەوە خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ و دەڵێ :-

ئەو ساڵەی دوعاو لوشەی یەکێك لەپیاوچاکانی گوند بەرزبۆوە ، بەڵکو بەلایەك بەسەر ئەم گوندەبێت ، چونکە رۆژنکیان ئاغاژنیان بەلنگی رووتەوە لە باخەڵی رەنجبەرەکەی خۆی دەرهێنا . ئەوە بوو دوای هەفتەیەك شەوێك دەیکاتە رەشەبا و زریان ، هەرچی دارو درەختی گوند هەبوو ، لە کۆترەوە هەڵکێشا . رووەك ئاسایی بەپێیەوە نەهێشت . ئەو شەوە - حەمە - چەتە لەدایك بوو . .

پیرەژنە چاو بەئاشقاڵەکەش دەڵێ : بەڵام سەرەخۆرە بوو . هەرکە ئەو سەری لە هێلکە جووقا ، باوکی دوای مانگێك سەری نایەوە . زلێخاش بەبێوەژن کۆشی کردیە پیاو . .

ئەویتریان دەڵێ :- لاساربوو ، داری بە کونی زەردەواڵەوە دەکرد . شەری بە کچو ژنی ئاغاکان دەفرۆشت . . خوایە لێم نەگرێ ، دەڵێن جارێکیان پەلەماری ئاغاژنی داوە . . خۆیشی لەمەڕ حومکەت یاساغو قاچاخە ، بۆیە پلووسەکان تێی کەوتن و لەو رەوەزانە گیریانکرد . .

بەلام ئافرەتێکی شۆخو شەنگ و چاوقایم دەڵێ :- دەستی خۆش بێ ، ئەی باوکی لە داخی کێ نەهارەزگ بوو و سەری نایەوە ؟ . هەر شۆڕباخۆرەکانی ئەوان نەبوون ، دەیان پەنو گونیان بەدایکیەوە هەڵبەست ؟ تاوەکو لە ئاوایی گۆبەنێك قەوما ، نەسەری هەبوو نە بن ، خەریك بوو خەڵکی گوند ئاسەواری یەکتری ببڕنەوە . . .

-٤-

**(دیوگێن لە بەرمیلدا ژیا ، بەلام لە هەموو پاشاکانی جیهان بەختەوەرتر بوو . . ) .**

رەشەبای شارەکەی برایم پاشا گەلەگورگێکی برسی رێبەندانە ، دەلوورێنێ . رووەو ترۆپکە تەزیوەکانم ، کاروانی گفەگفی خۆی دەگرێتەبەر . چیاکانی تر سەرتاپا بالا هەریەکەو پاڵتۆیەکی بەفرینی لە خۆی لوول داوە . .

پاش نەختێکی تر وەئاگادێتەوە بۆ ئێشك گرتنی شەوانەی . چ لەترسی گەلەگورگی برسی شەوی بەفرانبار ، چ لە ترسی گەلەسەگی راوچیان . . گەنج محەمەد سەرخەو دەشکێنێ . ئێستاکە دەمە دەمی ئێوارەیە . رەشەبا خەریکە هەندێ هێور دەبێتەوە . ئاسمانیش لە رۆژئاواوە ، چمکێکی پەردەی هەورەکە هەڵدەداتەوە . بەرە بەرە روناکیەکی کاڵ سەردەردێنێ .

تیشکی ئاڵو سووری زەردەپەری ژێر هەورە رەشەکە ، بە رقەوە خۆی دەکاتە باخەڵی گەواڵەکانی ترەوە . هەندێ رۆژ لە ئەشکەوت دەچێتە خوارەوە . ئەوەنەی پێ ناچێ ئاسکێك ، یان چالاکەیەکی کوژراوی لە کۆڵناوە . . بەو حاڵەشەوە هەست ناکەیت ماندووبێ . یان هەناسەبڕکێی پێ کەوتبێ .

ئەنجاش ئاگرێکی خۆش دەکاتەوە . بەخەنجەرە دەبانەکەشی دەکەوێتە کەولکردن و شەق و پەقکردنی نێچیرەکەی . بەدەم گۆرانیەکی سۆزناکەوە ئاگرە خۆشەکەی کردۆتەوە ، دەیکاتە چزوبز . سەرتاپا سەر ترۆپکەکانم بە بۆنی گۆشتی برژاو مەست دەکات . هەرکە زگی تێر دەبێ ، خەمێکی خەستی پیرۆز لە چاوە رەشەکانی ئەوق دەبەستێ ، مەگەر خەمی تۆڵەسەندنەوە ئەوەندە خەست و پیرۆز بێ . . کەچی زۆربەی رۆژان بە پشتوێن ناوتەنگای خۆی دەجەرێنێ . پیاوی برسیش ئاوها دەکات . . بەدەگمەن دڵگرانیی دایدەگرێ .

رووخساری گەش و بێتاوانی بە جەردە ناچێت . تەوێل درژو چاو زیت و مۆن نییە . . ئەی ئەگەر جەردە بێ بۆچی رۆژی وەها هەیە بە زگی برسی و بەتاڵ سەردەنێتەوە ؟ . لە رووخسارو شان و شەوکەتی ئاسەواری هیچ نامەردیەك بەدی ناکەیت . گورج و گۆڵ و لە سەرەخۆیە . . ئەی ئیتر بۆچی لەم ئەشکەوتە پر سەرماو سۆڵەو ترسە گیری خواردوە ؟ . دەشێ لە ترسی دەسەلاتێك لە خۆی گەورەتر هەلاتوە . بۆتە یەکێك لە مرۆڤەکانی سەرەتای مێژوو . بە راوەشکار خۆی دەژێنێ . تروسکایی دیدەکانی ئەوە ساغ دەکاتەوە ، هەرگیز ئەم رۆح سووکە ، باڵندەشی لە ئاو نەکردوە . هەمیشە بێسەوایە . دەبێ چی لەم رەوەزانەی تووند کردبێ . . دوژمنایەتیەکی ناوەتەوە ؟ ، ئەنجامی سەرکێشی و توورەیی ، ئادەمزادێکی لەگیان کردبێ . ؟ لەوەش ناچێ ترسێکی لە دڵدا بێ . .

لە ناخەوە جار نا جارێك گۆرانیەکی سۆزناك و پر کەسەر دەردێنێ دەیچرپێنێتە گوێی سروشتەوە . .

هەرکە شەوانیش لە تاریکیی ئەنگوستە چاوی ئەشکەوت چوارمشق دادەنشێ ، برنەوەکەی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی ، زۆربەی وەخت بە رۆژ دەنوێ ، بە شەو بێدارە . . لە تێورووژان و بێئۆقرەیی دا دیارە بوونی لێرەدا کارێکی ئاسایی نییە .

لەو باوەرەش دا نیم ، دێوانە بێت و تەرکی دنیای کرد بێ . چونکە دێوانە هەمیشە ئادەمزادێکە کوێزانیش لەگەڵ خۆی هەڵناگرێ . . بەدرێژایی تەمەنیشم چەندان دێوانەو سەرگەردان و وپیاوی یاخی و جەردە ، بۆ چەند سالێك ئەم ئەشکەوتەیان کردۆتە دالدە . . لە کوێوە گەیشتۆتە ئێروکانە . . ؟ دەستی کردۆتە گەردنی بێتاوانیی سروشت . بۆ مانگێك دەچێ بۆتە میوانی سەرگەردانیی ئەم ئەشکەوتەی من . . بێئاگایە لە خراپە و بەدرەفتاریی هەر ئادەمزادێك . . تەنیایە ، کەسێك بەشداری بوونەکەی ناکات . دەستی ناکەسبەچەیی نایگاتێ هەست دەکا سەرداری گەردوونە . .

گەنج محەمەد بزەخەنەیەکی بێ باکانەی بۆ دەکات . . چیاو بنجك و درەخت و دەوەن ، بەزۆرەملێ هەناسەیان دەردێ .

سروشت لەو ناوەدا بەتارایەکی رەنگی چۆری شیر عەیبەو لایەنە جوانەکانی خۆی شاردۆتەوە . هەروەکو هەڵۆیەك چووە سەر بەرزایەکی بەردەمی ئەشکەوتەکە . بەچاوە تیژەکانی ئەو دەوروبەرەی دەپشکنێ . . دەمی ئەم ئەشکەوتەی منیش دەلێی دێوو درنج هەڵیاندریوە . کزە بایەکیش گل ناداتەوە . دەبێتە دەفری سەرماو تۆفی ئەم سروشتە . . رادەپەرێ ، تفەنگەکەی دەکاتە شانی . دەچێتە بەر دەرکی ئەشکەوتەکە ، قەدەرێك هەس دەگرێ . تەنها ووژە ووژی رەشەبا تەزیوەکە بەچاوقایمیەوە خۆی دەکاتە ژوورەوە . تەزێکی ساردو سرپی سەرمای نەحلەتی دەکاتە گژی رووخساریەوە .

زەلامێکی کەڵەگەتە . هەندێ رەشتاڵەیە . چاو و برۆ رەش و جوانە . درێژی بالآی دوو مەتر دەبێ . بێباکانە باوێژك دەدا . هەموو جارێ دەست دەخاتە سەر برنەوەکەی . ئاراستەی دەمی ئەشکەوتەکەی دەکات . بۆئەوەی وەکو هەموو جارێ چەندانێکیان لێکەل و پاچە بکات . ئەوانی تریش هەتا ناوشار تێیان کەوێ . . .

سروشت بە خامۆشیەکی خۆکوشتنەوە خۆی پێچاوەتەوە . جگە گڤە گڤی بایەکە ، قروسکەی ئاژەڵی هەڵلەرزیوی بەر سەرما ، پەلەوەرو کەپنەك دالی برسی نەبێت ، کە رەشەباکە

لەگەڵ کڕێوەی بەفر راپێچیان دەکات ، دەیگەیەنێتە کونو قوژبنی ئەشکەوتەکە . . .

هەرکە گەنج محەمەد لە خربەی خەودا دەبێ ، بۆنو بەرامەی تەزیوی بەفرەکە لەخەوی دەکات ، ئەویش هەست دەکات هەراو هوریای قوشەن و حەیتەیە بۆی هاتوون نێچیریکەن . . پاداشتی «ئازایەتی» خۆیان وەرگرن ، بیکەنە خەڵاتی نامەردیو ترسنۆکی خۆیان . لە بەردەم ژنەکانیان بەکەڵەمێردیی درۆزنانەوە خۆیان بادەن .

ژنەکانیانیش بە خۆشنوودی و حیلەی پێکەنینی حەیشەریانەوە ، خۆیان تاس و لووس دەدەن بۆیان . . مەگەر ئەهریمەن بەخۆی بزانێ ، هەرکە مێردەکانیان لەماڵەوە نابن چی دەکەن . . . .

-٥-

ئاگام لێ نەمابوو ئیتر گەنج محەمەد ، چی لێ بەسەرهات . کەچی ئەم بەیانییە ، حەیتەیەکی پیرو رۆحسووك ، هاتەلام و پێی ووتم :-

گەنج محەمەد ، هێشتا کە کەڵەکێویەو لەم رەوەزەوە بۆ ئەو رەوەز گومەتە دەکات . .

لێرەدا شەو و رۆژ وەکویەکن . تەنها لە هەندێ درزی دەرگاو پەنجەرە کۆنە داخراوەکانەوە سەرماو رووناکیی ، بەسستیەوە خۆیان دەکەنە ژوورەوە . .

ئەوە بوو ئەوەندەم زانی ئابلووقە دراوم ، بۆ ئێرەیان راپێچ کردم . . دیار بوو ئەوجارە وەکو جارەکانی تری نەبوو . وەکو لێشاو ، لافاو ، گەرداو ، هاتبوون . پتر لە سەعاتە وەختێك محەمەد سنگی لەسەر گابەردەکە توند کردبوو . . منیش وەکو هەموو ئافرەتێکی ئەم دنیایە سەری دنیام لێ هاتەوە یەك . بە پەلە جل و بەرگەکانم لە خۆم ئالان . لەبەر ترسی کارەساتەکە ئاگام لە کزەو سەرما نەمابوو . لەپڕێکا ناڵەو قیژەیەکی مرۆڤانە بەرزدەبۆوە . . چاوی راستی لەگەڵ قەرەوڵی تفەنگەکە جووت کردبوو . چاوم لێ بوو هەردەتووت پڵنگەو لە پشتی گابەردەکەوە خۆی حەشار دابوو . لە هەموو لایەکەوە بوە گرم وهۆڕو ناڵە . باڵندەکانیش برپر پرتاو هەڵدەفرین ، لەئاسمان دا بەیەکادەهاتن . ئەوەندەم زانی هەرچی باڵندەو گیانەوەری ئەوناوە هەبوو ، گوێیان قووت کردەوە ، کەوتنە خۆیان . . ناڵەی مرۆڤێك ، دووان ، سێ ، دە ، . . سەراپا گوێی ئەو ناوە بە ناڵەی مرۆڤ پێکراو کاس بوو . یەك لە دوای یەك بەدەست و نیشانی — گەنج محەمەد — سلیمان سارددەبۆوە . . ئۆی لەوانەیە چەندین کۆزە خێزان بێ سەرگەورە بمێننەوە ، چەندین کۆرپەی سەر بێشکە بێ نازی باوك گەورە بن . . ئەگەرچی دەمزانی هەموو لە پێناوی ئەرك جێبەجێ کردن و حەڵاڵ کردنی پاروی دەمی منالەکانیان ، بەو بەیانیە ساردوسڕە لە خۆشترین لەزەتی ئادەمزاد بێبەش کراون ، کە ئەویش خەوە ، لە چاویان تاراوە و کەوتوونەتە ئەم کەژانە . . لە نووزەی سروشتیش بێ ئاگا بووم ، جگە هەندێ جار سەرم هەڵدەبڕی ، بە چاوێکی لاقرتێوە دەمڕوانیە هەڵۆ نێرەکەم ، کە بە جوامێریەوە سنگ و باڵی خۆی خستبوە سەرکش و ماتیی ئەو دەوروبەرە . . لەگەڵ ئاوی گۆمەکە کەوتبوومە دڵداریەکی خواهانەوە . . پێنج ساڵ بەکەژەوە بوو . وەکو ئەو رۆژە ئەوەندە دڵەکوتێی پێ نەکەوتبوو . ئەگەر چی واتای دڵەکوتێی نەدەزانی ، هەر لە منالیەوە سەرسەخت و چاوقایم بوو .

زۆرجار گرەوی لە گەڵ خەڵکی گوند دەکردو دەچوو لە کوونە ئەجندە ، تاشەوێکی درەنگ لە وێرا دەنووست . ئەو رۆژە دیدەکانی فرمێسکی کەڵە مێردیان تێداقە تیس بوو هەروەکو بڵێی بەزەیی بە چارەنووسم دا دەهاتەوە .

بە سۆزناکیەوە تەماشایەکی دەکردم . . یاخود بەزەیی بە زۆربەی خەڵکی رەش و رووتی گوندا دەهاتەوە . ئیتر جارێکی تر ناچێتەوە ناویان و گاڵۆکی شوانی هەڵناگرێ . بەبێ باکیەوە دەکەوێتە پێش پەزەکانی . هەروەکو کەڵەکێوەیەك تەمەنی بەکامەرانی و سەرفرازیەوە دەگوزەرێنێ ، بە بێ دەربەستی

مرۆڤانەی لەگەڵ گەردوون رکەدەکات . هەرکە مرۆڤێکیش بۆ پاراستنی کەڵەمێردیی خۆی یاخی بێ ، ناتۆرەی جەردەی پێوە هەڵدەبەستن ، چونکە زۆربەی خەڵکی لەسەر دۆخێکی پێچەوانە راهاتوون . ئەگەر بەدزیشەوە پارووی کەسێکی تری بەگەروودا نەچووبێ . . تەنانەت ئەو سەروەختەش شوانی گوند بوو ، توێشەبەرەی کەسێکی تری لە کۆڵ نەدەنا . تەنها چاوی لە دەستی زلێخای دایکی بوو . .

ئەو بەیانی یە پێم‌ووت ، بۆ مانگێك دەچێ ئاوم پێ نەکەوتوە ، دەمەوێ لە گۆمە ئاوەکەی دامێن چیاکە هەندێ خۆم هەڵشەپێنم . . کانیاوی زستانی ئەو کەژانەش هەڵمێکی فێنکی لێ هەڵدەسێ ، هەردەڵێی گەرماوە دێرینەکەی سابوون‌کەرانە . .

ئەوەبوو لێژبوومەوە ، چوومەخوارێ ، جەستە تووندوتۆڵ و خرینەکەم ، شلپ و هۆڕی لە ئاوە چاو قرژاڵەکەی گۆمەکە هەڵساند . دوای ئەوەی شەختەی سەر ئاوەکەم شکاند . جەستەم کەوتە بریسك و باسك . سروشت بەتامەزرۆییەوە چاوی بڕیبوە ئەو جەستە لووس و پرچە خاوەی سەر رووی ئاوی گۆمەکە . کەزیەکانم هەردەتووت کۆمەڵە تولەمارێکی رەشن و بەرەو قەراغ گۆمەکە خۆیان دەکوتن . . گەنج محەمەدیش وەکو هەڵۆ نێرە سەرجەمی کەڵەمێردیی مرۆڤایەتی کردبوە شان . بۆ پاسەوانیی هەڵۆ مێینەکەی هەر چاوێکی کردبوە چوار چاو . . جار نا جارێکیش بەتامەزرۆییەوە چاوی دەبڕیە جەستە رووتەکەم لە ناو ئاوەکە ، کە لە دوورەوە گەمەی بەزەردەی بەیان دەکرد .

هەرگیز ئەوەندە ترسم لە رووخساری بەدی نەکردبوو . وەکو بڵێی ترسێکی کوشندە کەوتبوە هەناویەوە . نەیدەزانی پێشبینی چ گۆیەنێکی بەدەمەوەیە ، کەچی پەی بەوە نەدەبرد ، دەبێتە هۆی ناڵەی جودایی هەتا هەتایی ، لاپەڕەیەکی پڕشکۆ و سەختی مێژووی ئەو دەوروبەرە چاو لەیەك دەنێ . .

هەموو بەشەکانی سروشت دەوری ئاسایی خۆیان دەبینی . ئاوی کانیاوی بن کەڵوەزەکان خەریك بوون رەشبەڵەکی خۆیان رادەهێناو ئامادە دەکرد . رەوە کەوەکانیش لە ئاوەکەیان دەخواردەوە بۆئەوەی بۆ قاسپەقاسپ گەرووی خۆیان پاك بکەنەوە . کیژانی گوند بە تامەزرۆییەوە دەچوونە بەر دەرگا کانیان ، بەتریقەی پێکەنینەوە ، تەماشای ئاسمان و کەژەکانیان دەکرد . تاوەکو بزانن کەی سەرماو سۆڵە دەبڕێتەوە ، بکەونە هەردە و کێوان ، بۆ کنگرکردن و پیشۆك و هازکردنەوە . . کوڕگەلی گوندیش بە دەوریانەوە دەکەونە فیك و فاکەوە . . کەڵەئاسك و مامزو کەوبارەکانیش لە رەوەوزەکان قووت دەبنەوە ، بۆ مێرگ و پاوەن چاو دەگێڕن . . سوێسکەکان بە قونە قون بۆ کانیاو و بن کەڵوەز دەکەونە هەڵپە قەلەڕەشەکان لە تاوی رەوە پاساریە لاسارەکان خۆیان دەشارنەوە . .

ئەو بەیانی یە ئاسمان سامالێ بوو . ترۆپکی چیاکانی ئەو دەوروبەرە بە دەم تیشکی خۆرەکەوە ، باوێشکیان دەدا . سەرماو سۆڵەیان لە خۆیان دەتەکاند . . تەم و مژ لە دۆڵەکان سکی لە زەوی دەخشاند . پەرت و بڵاو دەبۆوە . باڵندەی برسی زێر بەردو دەوەنەکان کەوتبوونە سەرەتاتکێ . تاوەکو درێژە بەتەمەنی پڕ رەنجدانیان بدەن . بۆئەوەی دەمەوبەهار کەڵ بگرن ، بۆ جوجەڵەی نوێ گەرا دابنێن . ئەم دەوروبەرە سیخناخ بکەن لە زاق و زیق . تەمەنی رەگەزەکەی خۆیان لە ناوچوون بپارێزن . .

ئەم هەموو ئاگایان لە هیچ فرت و فێڵێکی ئادەمزادەکان نەبوو ، کە هەر لە شەوەوە خەریکی تەڵە و تۆڕنانەوەن ، بۆ نێچیرکردنی ئادەمزادێك ، دەیەوێ تەنها پاروی نامەردی نەخوات ، هەموو ئێش و ئازاری رەش و رووتەکانی لە کۆڵ ناوە ، دەیەوێ ئەگەر بە سەرکێشی یش بێت توورِ یان داتە دەریایەکی تووڕەوە . . لەوەش بێ ئاگابوون هەر لە شەبەقەوە قوشەنێکی گەورەو گران تەیار کرابوو . تا هەڵمەت بهێننە سەر چیاکە . . بۆ کێ ؟ . بۆ تاکە مرۆڤی تەنها دەیەوێ

خۆی سەرگەورەی بوونەکەی خۆی بێ ، نەوەك کەسێکی تر . . تاوەکو گەنج محەمەد بخەنە تۆڕەکەوە ، سەرگەورەی قوشەنەکەش خەلاتێکی زێڕو زیو لە سەرشانی خۆی بنێ . .

مانگێك بەر لەئێستا هەر لە بەیانیەکی زووەوە بەدەم باوێژگدان و زەردەخەنەوە ، لە ئەشکەوتەکە لە خەو رابووم . تەماشایەکی دەوروبەری خۆم کرد . چاوم بۆ محەمەد دەگێرا . . لەو دەمەوبەیانی یە هەستم بەسارد و سڕی جێگاکەم کرد . جەستەم ببوە دەفرێکی سەرماو سۆڵە . چونکە محەمەد لە باخەڵم نەمابوو .

دواجار بۆم دەرکەوت ، هەر لە تاریك و روونەوە خۆی کردبوە نێو دۆڵ و چیا سەختەکانەوە بۆ نێچیر ، بۆ بەرچای بەیانی هەردووکمان . چاکتر وەهایە بڵێم هەرسێکمان . ئەو . . من . و مەلۆتکەکەی منداڵدانم . . بوو بە هەشت مانگ بەپێستەی سك ئەم کەژو ئەو کەژی پێدەکرد . بە شانازیەوە وێڵی دووی سەرەڕۆیی محەمەد بووم . .

-٦-

زەویەکەم شێدارو تەڕەشووعاویە ، بۆ ئەم جۆرە کەسانە دروست کراوە . ئەو سەردەمەی دروستیان کردچەندان وەستا و کرێکار لە دروست کردنی تیاچوون . . وەکو چەشە بۆ نێچیر لێرەدا تووڕیان دابوو . . ئەگینا ئافرەتێکی لە خۆ وەرزو بێزاری دووگیانیی ، چ دەستێکی ئەوانی دەدا . جگە ئەوە نەبێ زۆرجار حەیتەیەکی ئالۆشاوی بە تامەزرۆییەوە چاوی تێ دەبڕی . . دەیانزانی کەڵەمێردەو شەرەف ڕێگای نادات ، ئاهو ، بەو دووگیانیەوە لە ژێر چنگی ئەو گێچەلاویانە بلالێتەوە . بۆیە هەرچی داوو تەڵەکە و فڕتو فێڵ هەبوو بۆیان خستبوە کار . چ ئاکامێکی نەبوو . هەموو جارێکیش مایە پووچ دەبوون . . ئاهو ، لە قوژبنێکی تاریك و نتکی مندا بەزگی پڕەوە هەڵکورما بوو . زەنگوڵ زەنگوڵ فرمێسك روومەتە سوورو سپی و خڕپنەکانی دەکرۆژت . لەبەر ئازارو بێ سەرو شوێنی گەنج محەمەد ، لێوی دەبرد بەدەما ، خێرا خێرا دەیکرۆژت . تاوەکو لێوە سوورو هەڵقرچاوەکانی ببوونە پریاسکەی برین . . رووخسارە سوورو سپیەکەی لەبەر دووگیانیی پەڵە پەڵەی رەش و چڵکن تەنی بووی ، بەڵکو ئەمە - گەنج محەمەد - خۆی دەداتە دەستەوە . چونکە بێ ئەو هەڵنا کات . سەری دنیای لێ دێتەوە یەك . قەڵەمی دەست و پێ ی دەشکێ . هەر خۆشەویستیی ئەویش لەو رەوەزانەی توووند کردبوو . . .

یەك دوو پیرەمێردیش بەیەك دەگەیشتن و دەکەوتنە چپە چپ :-

- ئەم هەتیوە ئاگرە سوورەی خۆی و خەڵکیشە . بۆچی لە بەردی زل دەنەوێ؟ . . ؟ .

- ئەمان لێشاو ، ئەویش دڵۆپێکە . . مێروولەیە و دەچێتە گژی کێوی قافا . .

کوڕێکی هەرزەکاریش بەتەوەسەوە ئاوڕی لێیان دەدایەوە و دەیووت :-

- گەنج محەمەد ، لەگەڵ نامەردیی رانەهاتووە . نایەوێ نانی منەت بخوات . . تاکەی ئێوەی دێوو درنج دەبنە ئەسکۆی ی هەموو دیزەیەك ، و چەپڵە بۆ سەرشۆڕیی لێ دەدەن ؟ . .

کوڕێکی تری هەرزەکار دەیدایە پاڵ قسەکەی :-

- ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی ، بە بەها بەرزەکانیەوە بەندە . . هەچ کەس و هۆزێك ئەگەر بەهای بەرزی لەمەر نەمێنێ ، ژیانەکەی رادەوەستێ ، چ تامێکی نییە . وەکو گۆمێکی مەنگ بە هەزاران پووش و پەلاش پڕ دەبێتەوە . ئەنجاش بۆی گەنی دنیا دەلەوتێنێ . .

پیرەمێردێکی تر دەیووت :-

- زۆرجار پارەو سامان دەبێتە بەهای بەرزی زۆربەی خەڵکی . . کوڕە هەرزەکار دەیووت :-

- دەنا هیچ شۆڕش و گۆڕانکاریەك نایەتەکایەوە . بۆ هەموو سەرشۆڕیەك دەست لە سەر سنگ دەوەستن . . !

- ئەگەر هاتوو بەها بەرزەکانی پێ شێل کران ، هەموو خێرو

خۆشیەك دەنێتە لاوە . .

حەیتەیەك بەترس و دڵەكوتێەوە لە هاوەڵەكەی نزیك دەبۆوە و لی ی دەپرسی :—

— تۆ بڵێ ی ئەم نەگریسە دەسبەرداری — ئاهو — بێت كە بەم دووگیانیەوە لێرەدا بتلێتەوە . . ؟ ! .

— ئەی تەماشا ناكەیت هەموو شەڵەژاون ، چونكە پەلەماری ئێرە هەر دەدات بۆ دەربازكردنی ئاهو . . .

— بۆ ئێمە تاوانمان چیە ؟ ئەگەر ماڵ و منالی نەحلەتی نەبێت ، چیمان داوە بەسەر ئەم كارە چەپەڵەوە . . ؟ !

— باوكم ئێمە پیاوی ئەو نین . . دەك دایك دانشی و كوڕی ئاوها بخاتەوە . .

— كێوو تەلان هەر پڵنگ و بێچوە شێر دەخاتەوە . .

حەیتەیەكی تر بە تووڕەییەوە دەڵێ :—

— فلتە فلت . . دەتانەوێ لێمانی بكەن بە خولە پیزە ، پیاوی جەردە هەرگیز نابێ بە پاڵەوان . .

— تۆ بۆ خۆت بڵێ . . هەر ئێمە بوو ئەومان كردە جەردە . . . بەر دەركی سەرا ژاوە ژاوێكی خرۆشابوو . خەڵكەكە تێكچرابوون . شپرزەبوون . هەموو سەری دنیایان لی هاتبۆوە یەك . ترسی هەموو گەردوونیان لی ووروكابوو . ئەو عەشاماتەی لەبەر دەركی سەراوە گوزەریان دەكرد . بە سڵ كردنەوە و دڵ هەڵقرچاویەوە . دەیان ڕوانیە ژوورەوەی حەوشە گەورەكە ، هەروەكو بڵێ ی بۆنی كارەساتێكی گەورەیان دەكرد . بۆن كرووز لە گەروویانەوە باسقەی دەكرد . هەندێ ئافرەت عەباكانیان دەكردەوە . دەستیان لە ئاسمان پان دەكردەوە . بۆ ئەوی ئاهو لەو بەڵایە رزگار كات . . .

**تێبینی :**

جووتیارێك لە گەرمیان بەدەم دروێنەكردنەوە ئەم گۆرانیە دەڵێ :—

عەیامێك بوو لەو كوێستانە

زوڵمی ئاغایان

دەستەو یەخەی گوندیان بوو ،

خەڵكی لەبێزاری خاوتر بوون

زۆرداری لەبەرد سەخت تر بوو . .

ئای گەنج محەمەد

كوڕە شوان لە منت نەكەوی

لە سەختی چیای سەخت تر بووی

ئای لە منت نەكەوی

بەراستی كوڕێ بابێ خۆت بووی

شیر حەڵاڵی داكێ خۆت بووی . .

هەی شێتی ئەوینی ئاهو . .

ئاهو ، چ ئاهو . . . ؟

ئاهوان لەبەر چاوی ڕەشی ئاهو

هەڵدەهاتن دەچوونە ڕەوەزان . .

بۆ شۆخی ئاهو

هەزار میرو جوامێران

دەستەو ئەژنۆ مل كەچ دەبوون . .

ئاهو لە بۆ ئەوینی تۆ

لە هەردە و كێوان

تەركی كرد خۆشی دنیای ی

بوە هاودەمی ئاهوان . . .

هەی شێتی ئەوینی ئاهو

هەی لە منت نەكەوی ،

چت لێ قەوما . . ؟

دەك دەستت بشكێ نێچیرەوان

چۆن دڵت هات

بێنكی كەڵەكێوی ڕەوەزان . . ؟

دەستت بشكێ

هەی كۆرە بێ

ئەتۆش چیت لێ بەسەرهات

لەرەوەزان

ئەتۆش هەپرون بە هەپرون بووی

بویتە خۆراكی قەل و دالأشان . .

١٩٨٦/١٩٨٥ . . كەركووك

هەواڵنامەی كتێب
&
KURD ARSHIV